ئیدارەی لێکۆڵینەوەی قوتابخانە

زانیاری سەبارەت بە فۆرمی راپرسی قوتابخانە بۆ بەخێوکەران

سڵاو

ئێستا کاتی پرکردنەوەی راپرسی قوتانخانە هاتووە .راپرسی قوتابخانە کە لە سەر ماڵپەری قوتابخانەیە، هەڵسەنگاندنێکە کە رووی لە باب و دایک منالان یا بەخێوکەران، ماموستایان و پێرسۆنێلی قوتانخانەیە. دەتوانرێت لە بەرواری 24-02-2023 تاوەکو 23-01-2023 وەڵامی ئەم ڕاپرسیە بدرێتەوە.

هەموو منداڵان و مێر منالان مافی ئەوەیان هەیە کە لە کەش و هەوایەکی ئارامدا پەروەردە بکرێن و دەرس بخوێنن .لێپرسینەوەی قوتابخانەکان  ئیدارەیەکی دەولەتییە کە لێکۆڵینەوە دەکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر چۆنییەتی کاری قوتابخانەکان .ئاکامی ئەم راپرسیە کاریگەری گرینگی دەبێ لە سەر باشتر کردنی قوتابخانە و سەرکەوتوویی قوتابییەکان .وڵامەکان تە نانەت وەک ئامار و زانیاری ژمارەیش کەڵکیان لێ وەردەگیرێ و لە لایەن سەرپەرەشتی پەروەردە بۆ منالان و باب و دایکەکانیش دەنێردرێ .

ئێوە وەک سەرپەرەستی منداڵی قوتابخانەی سەرەتایی یا پێش مەدرەسە یا قوتابخانەی تایبەت، ئەم دەرفەتە تان هەیە لە رێگای وڵام دانەوەی ئەم راپرسیە، بۆچوونەکانی خۆتان لە سەر شێوە ی کاری قوتابخانە بنێرن .ئەم راپرسییە دەبێ لە سەر ماڵپەرەکە وڵام بدرێتەوە و 10 خولەک کات دەبا بۆ وڵام دانەوە .ئەگەر ئێوە چەند منداڵتان لەم قوتابخانەیە دەخوێنن، دەبێ بۆ هەر منداڵە بە جیا وڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

ئاکامی راپرسییەکان کۆ دەکرێتەوە و لە یەک فۆرمدا بە شێوەیەک بڵاو دەکرێتەوە کە ناوی کەس دەرنەکەوێت و کەسی لێ زەرەرمەند نەکرێت .راپرسی و وڵامەکان ناکەوێتە دەستی قوتانخانە و لە بەر دەستی ئیدارەی لێکۆڵینەوە و پشکنین دا دەبێت.

ئەم راپرسیە تەنانەت لە لایەن پێرسۆنێلی پەروەردەش وڵام دەدرێتەوە و هەروەها منداڵانی پۆلی 5و 6 سەرەتایی و پۆلی2 ی ئامادەییش ئەم راپرسییە وڵام دەدەنەوە.قوتابییەکان لە کاتی قوتابخانە دا ئەم راپرسیە پر دەکەنەوە .ئەگەر ئێوە مندالی پۆلی5 یان 8ی سەرەتایی تان هەیە کە ناتانهەوێ وڵامی ئەم راپرسیە بداتەوە، دەبێ قوتابخانە ئاگادار بکەنەوە.

### ئێوە بەو شێوەیە وڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە:

1. یەکەم :لە سەر ئەو لینکە کرتە بکە www.skolinspektionen.se/skolenkaten
2. سەرپەرشتیارانی منداڵانی قوتابخانە سەرەتاییەکان یاخود قوتابخانە سەرتاییە تایبەتەکان: کلیک بکەن لەسەر "föräldrar/vårdnadshavare med barn i förskoleklass, grundskola eller grundsärskola" لە بەرواری 24-02-2023 تاوەکو 23-01-2023  وەڵامی ئەم ڕاپرسیە بدەنەوە.

3. سێهەم :وشەی ڕەمزی تایبەت بە خۆت کە لە گۆشەی سەرەوەی دەستی ڕاستی ئەم نامەیە کە لە قوتابخانە ڕا بۆت هاتبوو،نوسرابوو لێرە بنوسە.

ئەگەر پرسیارت سەبارەت بە وشە ڕەمزی و چۆنیەتی چوونە سەر ماڵپەڕەکە هەیە لە گەڵ لێکۆڵینەوەی Origo Group لە ڕێگای ژمارە تەلەفوونی 00 61 465-013 یان skolenkaten@origogroup.com

پێوەندی بگرە. ئەگەر پرسیاری دیکەت لە سەر ئەم ڕاپرسیە هەیە، دەتوانی پێوەندیمان پێوە بکەی لە ڕێگەی ژمارەی 00 080 586 08 یان ئی مەیلی skolenkaten@skolinspektionen.se

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕاپرسی سەردانی ئەم ئادرێسە بکە www.skolinspektionen.se/skolenkaten

سپاس بۆ هاریکاریت کە دەرفەت تەرخان دەکەی بۆ وڵام دانەوەی ڕاپرسییەکە .بۆ ئێمە گرینگە ڕای تۆ سەبارەت بە قوتابخانەی منداڵەکەت بزانین .

وێرای ڕێز و سلاوی دوستانە

ئیدارەی لێکۆڵینەوەی قوتابخانە